# ڕونکردنەوەیەکی پێویست لەئاژانسی هەواڵی کوردۆنیا

پاش ئەوەی ماوەی سێ ڕۆژ کەسێك بەناوی "ئاوات کەرکوکی" بۆ چەندین جار دیمانەیەکی مەلا کرێکاری ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلامی بۆ ئیمەڵی تایبەتی ئاژانسی هەواڵی کوردۆنیا ناردبوو کەتێیدا ئاماژەی بەوە کردبوو ئەم دیمانەیە تایبەت بۆ ئاژانسی هەواڵی کوردۆنیا کراوە، بەلام وەك ئەتەکێتی ڕۆژنامەوانی کوردۆنیا بلاوکردنەوەی ئەو دیمانەیەی بەپێویست نەزانی لەکاتێکدا نە ئامادەکاری دیمانەکە ناسراوە نەدیمانەکەش لەڕاستیەوە نزیکە، بەلام بەداخەوە بەهۆی سەرپێچی یەکێك لەئەندامانی ستافی ئاژانسی هەواڵی کوردۆنیا بەناوی "کارزان عەبدوڵلا" کەبەبێ ڕەزامەندی خاوەن ئیمتیاز و سەنوسەر، بابەتە ڕەتکراوەکەی بلاوکردەوە کەپاش ماوەیەکی کورت لەبلاوکردنەوەی لەسایتەکەدا سڕایەوە، هەربۆیە ئاژانسەکەمان بۆ دووبارە نەبونەوەی ئەو هەڵەیە بڕیاری سزادانی ناوبراویدا بەسڕکردنی بۆ ماوەی هەفتەیەك .

ئێمە وەك ئاژانسی هەواڵی کوردۆنیا جگەلەوەی نیگەرانی خۆمان بۆ ئەوە دەردەبڕین داوای لێبوردن لەتەواوی خوێنەرانی خۆشەویست دەکەین و دوپاتی دەکەینەوە ئاژانسی هەواڵی کوردۆنیا کەلەسەر بنەمای "متمانەیی" دامەزراوەو بەسەرچاوەی متمانەپێکراوی هەواڵ ناسراوە دوورە لەبلاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتی بێ بنەماو ناڕاست.